## ئەدەبیاتی سیاسی پژاک

لەم دواییەدا بە هیممەتی دۆستێک، چاوم بە ژمارە 50 ی گۆڤاری "وڵاتی ئازاد" وەک "گۆڤاری ئیدەئۆلۆژیکی حزبی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)" کەوت، کە بە فارسی بڵاو کراوەتەوە.

من پێشتر ئاگاداری دەرچوونی گۆڤارەکە نەبووم و بە هەواڵی ئەوەم نەدەزانی کە پژاک بتوانێت گۆڤارێکی بەش بە فارسی و بۆ ماوەیەکی وا دوورو درێژ بڵاو بکاتەوە، کە ئەوە توانا و دەسەڵاتی حزبەکە دەگەیێنێت و ئەو ڕاستییەی کە لە بارودۆخی ئەستەمی خەباتیاندا دەتوانن بڵاوەیەکی ئەوتۆ بۆ خوێنەرانی فارسی زمان یا کوردانی کوردی نەزان! بڵاو بکەنەوە. بەم پێیە دەتوانم بگەمە ئەو ئاکامەی کە دەبێ بڵاوەی هاوچەشن و تەنانەت باشتریشیان بە زمانی کوردی هەبێت.

ئەوەی لەم بڵاوە تایبەتەدا ناوەرۆکی ئەم زنجیرە ووتارە و مێژووی بۆکان بگرێتەوە، دوایین ووتاری لاپەڕەکانی کۆتاییەتی کە بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی پێشمەرگەیەکی شەهیدی حزبەکە- کاک "خضر خرنگە' ی خەڵکی بۆکان نووسراوە. بەگوێرەی گۆڤارەکە، کاک خضر خرنگە لە ڕێکخراوەکەدا بە ناوی 'عاکف مامۆ زاگرۆس' ناسراوە، لە 1357/4/15 واتە چەند مانگێک پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە بۆکان لە دایک بووە و لە ساڵێ 2006 دا لە قەڵای 'توکان' لە قەندیل شەهید کراوە. ووتارەکە لە تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە و باوەڕی قایمی شەهید بەو ڕێبازەی گرتبوویەبەر دەدوێت بەڵام لە مەسەلەی ژیانی تاکەکەسی و شەخسیی ئەودا کورتی دەهێنێت.

ئەگەر ئەو ڕاستییە بگرینە بەرچاو کە پژاک لەم چەند ساڵە دا هێزێکی زەوەند و زۆری لە هەموو ناوچەکانی کوردستان پێکەوە ناوە و زۆرێک لە لاوانی کورد لە شار و گوندەکان، لە ماکۆوە تا ئیلام، ڕوویان تێکردووە، دەتوانین بەو ئاکامەش بگەین کە گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی چاپکراوی پژاک لەو سەرچاوانە بن کە بۆ توێژینەوە لە مێژووی سیاسی بۆکان و حزبە سیاسییەکان لە بۆکان، هەروەها لە مەسەلەی کەسایەتییە ناودارە بۆکانییەکانیشدا دەبێ کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

دیارە ئەو بۆچوونە، لەمەڕ حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیش ڕاستە و بۆ نموونە، پێداچوونەوەی بڵاوە و چاپەمەنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – بە هەردوو باڵیەوە و کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێران و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی (حیکمەتی)، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندن بۆ ژیننامەی کەسایەتیی بۆکانیی ناو حزبەکان کە هەندێک جار لە ڕێبەرایەتی ئەم یا ئەو حزبیشدا دەبینرێن.

من لە داهاتوودا هەوڵ دەدەم لیستەیەک لە بڵاڤۆکی هەموو ئەو حزبانە پێک بهێنم و لە درێژەی ئەم زنجیرە ووتارەدا ڕایبگەیێنم.

*"وڵاتی ئازاد" – مجله ایدئولۆژیک*، ارگان حزب حیات کردستان پژاک، شماره 50، آبان 1388 [اکتبر/ نوامبر 2009]، 101 صفحه، فارسی